# هاوپشتیکردنی "رەحمان غەریب" بەشێکە لەخەبات دژ بەگەندەڵی!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

ڕەحمان غەریبی ڕۆژنامەنوس، عادەت‌و پرنسیبێکی مێژویی گەورەو گرانی، حزبی شیوعی بە کوردستانی‌و عێراقییەوە شکاند. ڕۆژنامەنوسی ناوبراو لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیونی کوردساتدا "چاوی سێهەم" جەسورانە ناوی هەندێ بەرپرس‌و خزم‌و ناسیاوی بەرپرسەکانی وت کە چۆن بەرپرسیارێتی‌و یەکێتی بوون بۆتە هۆی وەرگرتنی پارچە زەوی زیاتر، رەحمان غەریب تەنها ناوی ئەم کەسانەی ووت لەبەرانبەر حاکمی فعلی شاردا. لەهەر وولاتێکی دنیادا ئەمکارە ئاسایترین  مافێکە کە ئینسانێك هەیبێت، بەتایبەت کە سەر زمان‌و بنی زمانی سەرۆکەکانی عێراق‌و کوردستان‌و گەوەرە بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان باسە لە بنەبڕکردنی گەندەڵی. رەحمان غەریب لە عورفی ئاسایی ئینسانێکی خاوەن حەق‌و ژۆرنالیستێکی بەویژدان زیاتری نەوتوە، بەڵام بۆ ئەندام‌و کادرو بەرپرسێکی حزبی شیوعی‌و بۆ حزبی شیوعی خۆی ئەم کارە بە ڕچەشکێنی بەحساب دێت. ئەو هیچ شتێکی زیادی نەوتوە لەهەرووڵاتێکدا بوایە کە یاسای مەدەنی زاڵ بوایە رەحمان غەریب موکافەئەی وەردەگرت، بەڵام لەکوردستان ئەمە بە زیادر ڕەوی‌و پچڕاندنی خەتی سور بەحساب دەهێنرێت.

لەبەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا رەحمان غەریب، کەوتۆتە بەر هێرشێکی فراوانی حزبەکەی خۆیەوە. چونکە ئەم حزبە ئەوەتەی دروست بوەو پێشتریش حزبی شیوعی عێراقی بەتایبەت لەدوای ساڵی 1991وە تاقەتی "نا" وتنیان نەماوە ئەوان هەر فێری "بەڵێ" بوون‌و لەوەش زیاتر ئەرکێکی تریان ئەوەبوە کە عەیب عارەکانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار داپۆشن، ئەمکارەی رەحمان غەریب زۆر عەجیب‌و تەحریفیانە !! دێتە پێش چاوی گەورە بەرپرسانی حزبەکەی. حزبێك کەتەنها مقەرو بارەگای هەیەو چەند سەد موچەخۆرێك. ئەگەر موچەکەیان بڕن کە هیوادارم نەبڕدرێت لە بەر ئەوەی کە زۆربەی زۆریان هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوحزبە ماونەتەوە چونکە مانگانە موچەیەکیان هەیە، ئەوا نازانم حزبی شیوعی چی دەکات‌و چی دەلێت؟! هێرش بۆ سەر رەحمان غەریب لەلایەن گەورە بەرپرسانی حزبەکەی خۆیەوە، دوو راستی گەورەتر نیشان دەدات لەکوردستان: لەلایەکەوە، ئەوەیە کە ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی سەرۆکەکان‌و بەرپرسە گەورەکانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار سەبارەت بە ئازادی‌و ئازادی ڕۆژنامەگەری‌و بیرو ڕاو شەفافیەت‌و دادگایی کردنی گەندەڵچیەکان هەر هەموو بڵقی سەر ئاوەو بۆ بەلارێدا بردنی خواستەکانی جەماوەری کوردستانە، بۆ هێورکردنەوەی رق‌و کێنەی ئەوانە دژ بەگەندەڵی، کە تەواوی ڕۆژنامەکانی کوردستانیش لەگەڵ ئەم ئاراستە سیاسیەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دا هاوبەشن. لە لایەکی دیکەشەوە ڕاستیەکی گەلێك مەینەتبار نیشان دەدات، ئەویش هەلومەرجی سیاسەتکردنی ئەو حزبانەیە کە کە لەبن دەستی هەردوو حزبی دەسەلاتداردا هیچ ئاسۆیەکی سیاسیان نیەو حزبایەتی بۆتە کاسبی‌و بژێوی ژیانیان. فشاریك کە حزبی شیوعی دەیخاتە سەر رەحمان غەریب ڕەنگدانەوەی فشارێکە کە لەو دیو پەردەوە بەسەر حزبی شیوعییەوەیە لەلایەن هەردوو حزبی دەسەلاتدارەوە( دیارە لێرەدا یەکێتی نیشتمانی) وەکو محمدی حاجی محمود لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەل ڕادیوی هاوپشتی سەبارەت بە بێدەنگبونیان لە بەرانبەر گەندەلیدا وتی " لەترساو لەبرسا"ئەم واقعیەتە زیاتر بەسەر حزبی شیوعیدا دەسەپینریت تاکو بەسەر حسکدا.

**هێرش‌و فشار هێنان لەلایەن حزبی شیوعی‌و هەر حزبێکی ترەوە بۆسەر رەحمان غەریب مەحکومەو پێویستە هەموو ژورنالیستە بەویژدانەکانی کوردستان‌و هەمو ئەوانەی بەفعلی دەیانەوێت باسی ڕاستیەکان بکەن‌و لەگەڵ ئازادی ڕۆژنامەگەری‌و ئازاد بیرو ڕادان‌و دژی گەندەڵین لە پشت رەحمان غەریبەوە بوەستن‌و پارێزگاری لەهەڵوێستەکەی بکەن، بون لەگەڵ رەحمان غەریبدا لەم ساتەوەختەدا مانای دژی گەندەڵییە.** 2006/7/27